ژمارە:127

بەروار:2023/3/19

- ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوەی بەردەوامی ئەنجام دەدات بۆ بەدواداچونەوەی کاری دەزگاکە.
- سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەدواداچونەوە دەکات بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی پێنجی.
- ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەشێوەیەکی مەیدانی کارەکانیان بەرێوەدەبەن.
- کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەوڵدەدات بۆ زیاترکردنەوەی رۆشنبیری هەڵبژاردن لە لای دەنگدەرەکان .
- مافەکانی لەدایکبووە نوێەکانی 2005 لە سەرەتای کارەکانی کۆمیسیۆنە .

**ووتەی هەفتانە**

سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوەی هەیشتەم ئەنجام دەدەن ، بۆ گفتوگۆکردنی چەند لایەنیك لە کارەکانی کۆمیسیۆن ، لە ئەنجامەکەیدا رێکەوتن بۆ پێکهێنانی رێبەریکی ئەلیکترونی بۆ ئاسانکردنەوەی رێکارەکانی دەنگدەران لە رێگای خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی ودستنیشانکردنی خدمەتگوزاری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە ( دەروازەی ئوری ئەلیکترۆنی بۆ خزمەتگوزاری حکومی) وێڕای دەستنیشانکردنی ئامەرازی پەیوەندی کردنی تایبەت بە کۆمیسیۆن ومالَپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی ، وێڕای گفتوگۆکردنی دەسەڵاتەکانی کارگێڕی ودارایی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان .

لە بەر گرنگی دانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ، دادوەر سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوەی ئەنجامدا لە گەڵ تیمی پلانی ستراتیجی ، وئاراستەی کرد بە گرنگی ئەنجامدانی پلانی ستراتیجی بۆ ساڵانی (2023-2027) هەروەها چاودێری کردنی بە پێی پلانی هونەری وکارگێڕی ودارایی بۆ گەیشتن بە ئامانجە داواکراوەکان لە رێکخستنی کارەکان وئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو .

ولە ئەو ئەرکانەی تایبەتە بە بەدواداچونەوەی کاری ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان وبەدواداچونەوەی کردنی لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن لە گەڵ جێگری هونەری سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان وچەند کارمەندێك، سەردانی مەیدانی کرد بۆ ئۆفیسی نەینەوای هەڵبژاردنەکان ، بۆ هەڵسەنگاندنی کاری هونەری وکارگێڕی ، وروونکردنەوەی چۆنێتی پابەندبوون بە ئاراستە ورێنمایەکانی دەرچوو لە ئۆفیسی نیشتیمانی ، بەتایبەتی ئاراستەکانی تایبەت بەرگری مەدنی وتەندرووستی بۆ پاراستنی ژینگەی کاری هەڵبژاردنەکان .

لە بارەیەکی پەیوەندیدارەوە ، ئەندام ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە رێگای بازنەی ئەلیکترۆنیەوە لە گەڵ بەرێوەبری ناوەندەکانی تۆمارکردن لە پارێزگای کەرکوك بازنەی یەکەم ، بە ئامادەبوونی جێگری کارگێڕی ودارایی سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان ، بۆ وەستان لە سەر ئەنجامەکانیان، وئاراستەی کرد بە گرنگی کارکردن بە پێی سیستم ورێنمایەکان کەوا لە لایەن کۆمیسیۆن دانراوە بۆ

سەرکەوتنی پرۆژەی تۆماری بایۆمەتری ، وئاماژەی کرد بە گرنگی هەوڵدانی زیاتر تایبەت بە تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی دەنگدەری بایۆمەتری .

وله لایەنی هونەریەوە ، جێگری سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بۆ کاروباری هونەری کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا لە گەڵ لیژنەی پرۆسەییەکان لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ، بۆ گفتوگۆکردنی تەورەکانی تایبەت بە گەشەکردنی کاری هونەری وجۆنیێتی بەڕێوەبردنی کارەکانی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی دەنگدەری بایۆمەتری ،

لە ئەنجامدا گەیشتە بە بە تۆمارکردنی (677.371) دەنگدەر لە گەڵ لەدایکبووانی2004 کەوا گەیشتنە(155.138) دەنگدەر ولەدایکبووی (2005) کەوا گەیشتنە(29.755) دەنگدەر ، هەروەها ناوەندەکانی تۆمارکردن (932.600) کارتی بایۆمەتری دابەشکردوە ، پێکهاتووە لە (302.422) کارتی دەنگدانی گشتی ، و (579.763) کارتی تایبەت بە هێزە ئەمنیەکان و هێزی چەکدار ، هەورەوەها کارتی ئاوارەکان وراگوێزراوان گەیشتوەتە (50.415). کارت بەئامادەبوونی نزیکەی(2151) لە چاودێرەکانی خۆماڵی وبریکاری حزبە سیاسیەکان و(353) بریکاری حزبە سیاسیەکان، هەروەها بۆ ئەوانەی گرنگی دەدەن بە باری هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی (ڕاپۆرتی پرۆسەیی کۆکراوە بکەن) لە ڕێگای ماڵپەڕی فەرمی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان .https://ihec.iq/biometric-registration

هەروەها ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان بەردەوام دەبن بە بڵاوکردنەوەی نامەی روونکردنەوە تایبەت بە روونکردنەوەی ڕێکارەکانی کۆمیسیۆن تایبەت بە تۆماری بایۆمەتری و بانگەشەکردنی ئەو دەنگدەرانەی کەوا پێشتر تۆماری بایۆمەتریان ئەنجامداوە بۆ وەرگرتنەوەی کارتەکانیان ولە ڕێگای چەند ئامەرازێکی ڕاگەیاندنی خۆماڵیەوە لە پارێزگاکان .

هەروەها بۆ تەواوکردنەوەی پرۆژەی هۆشیارکردنەوەی بەردەوام بۆ زیاترکردنەوەی رۆشنبیری هەڵبژاردنەکان لە لای جەماوەری جۆراوجۆر ، فەرمانگای ڕاگەیاندن وپەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە بەرێکەوتن لە گەڵ فەرمانگای پرۆسەیەکان وتەکنولوجیای زانیاریەکان ، بۆ ئەنجامدانی نەدوەی رۆشنبیری لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی تایبەت بە وەزارەتی فێرکردنی باڵا ولێکۆڵینەوەی زانستی ، بۆ ئەوەی مامۆستای زانکۆکان وتەلەبەکانیان رۆشنبیربکەن بە تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی دەنگدەر ، وبە هاوپێچی لە گەڵ ئەم پرۆژەی تیمی گەرۆك دەبێت بۆ تۆمارکردنی زانیاریەکانی ئەوانەی کەوا ویستیان هەیە تۆماری بایۆمەتری ئەنجام بدەن .

ووتەبێژی ڕاگەیاندن